# وەزارەتی دارایی رونکردنەوەیەک لەبارەی لەبڕینی بەشە پارەیەک لە فەرمانبەران بڵاودەکاتەوە



ئەمڕۆ هەینی، وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، لەبارەی لەبڕینی بەشە پارەیەک لە مووچەی فەرمانبەران، ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، ئاماژەی بەوەکرد: 1%ـی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران لەسەر داواکاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق بە مەبەستی تۆمارکردن و دروستکردنی ژمارەی وەزیفی لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە بڕدراوە.

وەزارەتی دارایی ئەم سێ خاڵەی بۆ مووچەخۆران خستووەتەڕوو:

1- سەبارەت بەو لەبڕینەی کە بڕێکەی تەنها لە (1%)ی مووچەی بنەڕەتیی فەرمانبەرانە، لەسەر داواکاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق بە مەبەستی تۆمارکردن و دروستکردنی ژمارەی وەزیفی لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە بڕدراوە.

2- ئەو لەبڕینی (1%)ە بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی عێراق بووە، تەنها فەرمانبەرانی هەمیشەیی و ئەو فەرمانبەرە گرێبەستانە دەگرێتەوە کە مووچەکانیان لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە خەرج دەکرێت،

